# با ئەوانەش لەبیر نەکەین

باکووری

گوتراوە: «لە پشت هەر مرۆڤێکی مەزن، ژنێک هەیە!»
منیش دەڵێم: «لەپشت هەر هونەرمەندێکی مەزن و سەرکەوتوو، چەند کەسێک هەن، جا ڕەنگە ژن بن و لەوانەشە پیاوبن! ئەوکەسانەش کە بە یارمەتیدانی جۆراوجۆر دەبنە پاڵپشت و هونەرمەندەکە بەسەر پێپلیکانەکانی (پلەی مەزنایەتی)، هەنگاو لە دوای هەنگاو، بەرزی دەکەنەوە تا دەگاتە لووتکە». ئەو قسەیەش هەموو هونەرمەندێکی گەورە دەگرێتەوە لەو بوارەی تێیدا کارە هونەرییەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێ: واتا گۆرانیبێژ، یان ئەکتەر، یاخود وێنەگر و شێوەکار و هەروەها شاعیر و مۆسیقار و ڕۆماننووس و... تاد. بۆیە ئێمە دەبێ ئەو خێزانە.. یا ئەو ژن و پیاوانەش بناسین و لەگەڵ مێژووی ژیانی هونەرمەندەکان، ناوی ئەوانیش بە ڕێز لێگرتنەوە بهێنین، ئەو خزمەتەی کردوویانە و ئەو پشتگیریەی بووەتە هۆی سەرکەوتنی هونەرمەندەکان، بۆ خوێنەران و گوێگران و بینەران.. باس بکەین و ڕۆڵە گرنگەکانیان ڕوون بکەینەوە و پیشان بدەین. لەم بارەیەوە، من بە گوێرەی پێویستی بوار و هەبوونی هەنجەت و بەڵگە، ناو و مێژووی ژیانی چەند کەسێکم لە چەند شوێنێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەتایبەتیش لە گۆڤاری ڕامان-دا بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە: جەمیل بەشیر، حەننا پترۆس، ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا و کامیل کاکەمین و...تاد.

ئەمڕۆکەش بەوپەڕی شانازیەوە، مێژووی ژیانی هونەر دۆستێک باس بکەم کە لەبەر سێبەرەوە.. نەک لەژێر تیشک و ڕووناکی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە خزمەتکردنی هونەری ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی کوردی.. بەو شێوەی لێرەدا ئەو پیاوە، بە ئێوەی ئازیز و ڕۆشنبیر بناسێنم، کە ناسراوە بە محەمەد عەبدوڵڵای چایچی، یاخود «حەمە گەمحان»ی چایچی، کۆیی.

**کەی و چۆن «حەمەی چایچی کۆیی»م ناسی؟**

لە هاوینی ساڵی (١٩٥٥) ئەوسا ماڵمان لە کەرکووک بوو، من قوتابی بووم لە کۆلێجی (دارالمعلمین العالیة) لە بەغدا. بۆ پشووی هاوینان دەهاتمەوە کەرکووک. ئەوەبوو لەو هاوینەی باسم کرد، کاک «هورمز ئەسکەندەر»ی هاوڕێم، کە لە کۆییە ناسراوەکان بوو لە کەرکووک هاتەسەردانمان، و دوای ئەوەی یەک دوو شەو مایەوە، ئێمەی دەعوەت کرد بۆ کۆیە، ئەوەبوو ڕێککەوین کەوا: من و ماڵی خوشکم و یەک دوو نەفەریش لە ماڵی مامم «دەرمان» واتا کوڕەکەیان، هاوڕێمان، کاک مەتی و چەند خزمێک، بە لاندرۆڤەرێک بەرەو کۆیە بەڕێ کەوتین، بە عوود و گۆرانی و چەپڵە و بەخۆشی تا کۆیە.. لەگەڵ ئەوەش کە ڕێگاکە هێشتا هەر خۆڵ و تۆز و بەرد و چاڵ بوو.

لە کۆیە، هەموو ڕۆژێک لەبەیانییەوە، دایکی هورمز، هەزار ڕەحمەتی لێبێ، کەرەستەی «یاپراغ» و مریشکی



حەمە گەمحان

سوور کراوە و سەماوەر و کەل و پەل و قاپ و ئیستیکان و قۆریە و نانی ساج و... تاد، ئامادەی دەکردن و بە جیێپێک، یان لاندرۆڤەرێک بۆ سەیران دەچووین یەکێک لەو سەیرانگا دڵڕفێنانەی کۆیە، وەکو: حەمامۆک، تۆبزاوا- کە دێرەکەی (ماربێنە قەدیشە)ی لێیە، یان بۆ ناو ڕەزەکانی هەرمۆتە.. و یا سەر ڕووبار و جۆگەکانی (ئاشان)...تاد.

لەو ماوەیەدا، دەعوەت دەکرام لە چەندین لایەن و برادەر و مامۆستاکانم و ماڵە گەورە ناودارەکانی ئەوسای کۆیە، وەک ماڵی (خوالێخۆشبوو) مەلا حەویز ئاغا و هەروەها لەلایەن هاوڕێی قوتابخانەم کاک مەحموود حەمە زیاد ئاغا و چەند جارێکیش، بە ڕێکەوت کاک تاهیر تۆفیق، گۆرانیبێژی نەمر، دەهات بۆ سەردانی ماڵی باوکی و برادەران، جا دووبارە لەو شوێنە خۆشانە، شەوانمان ڕادەبوارد بە گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی ناوچەی کۆیە و دەنگی تایەر و سێوە و عوودی من..

ئەوەبوو ڕۆژێک کاک هورمز گوتی: «کاک حەمەی چایچی، منی ڕاسپارد کە پێت بڵێم، دەیەوێ هەندێ گۆرانی خۆمی بۆ تۆمار بکەم بەسەر موسەجیلەکەی»، منیش ڕەزامەندی و ئامادەیی خۆمم پێ ڕاگەیاند. بۆ ڕۆژی دوایی، پێشنیوەڕۆ کاکە حەمە هاتە ماڵی هورمز، بەخۆ و بە موسەجیلە گەورەکەی کە لە مارکەی (گرۆندیل) بوو و بەکرەیەک و مایکرۆفۆن و شتی دیکەی پێویستی هێنابوو، ئیتر دانیشتین، دوای پێناساندنم و ئەو گۆرانییانەی تا ئەوکاتە و ئەوساڵەم لە ئێزگەی کوردی بەغدا گوتبوو، بۆم دەگوت بە عوودەکەوە و ئەویش سەرپەرشتی تۆمارکردنەکەی دەکرد! ئیتر لەو ڕۆژەوە «حەمە»م کەوتە دڵ و زوو زوو لە چایخانەکەی سەردانم دەکرد.

چایخانەکەی لەدوای فولکەکەی «حاجی قادر»ەوە بوو، لەلای ڕاستی شەقامە سەرەکییەکەی کۆیە، بەرامبەر مزگەوتی گەورە، چایخانەیەکی گەورە بوو، چایچییەکەی ناوی (ساڵح)بوو، چایەکی زۆر نایابی لێدەنا ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێ). لەو چایخانەیە مامۆستا و کاسبکار و هونەرمەندان و گەنجانی شار دادەنیشتن گوێیان لە ڕادیۆ و گۆرانییە تۆمارکراوەکان دەگرت لەپاڵ یاریی «تاوڵی» و «دۆمینە» و یارییەکانی ترکە لە چایخانەکان دەکرێن.

ئەمە و هەندێ کەس، لە موشتەرییە بەردەوامەکانی ئەو چایخانەیە، کە بە تەمەن بوون و بێ کار و کاسبی بوون، هەمیشە لەوێ دەبینران.

لەو پیاوە بە تەمەنانە، یەکێکیان «مام تۆفیق»ی باوکی هونەرمەند تایەر تۆفیق بوو.

مام تۆفیق دەنگی خۆش بوو کاتی خۆی مەقامی زۆر دەزانی. دەڵێن ئەگەر گوێی لە ئاهەنگی تایەری کوڕی بوایە، لە زۆر شوێن، ڕەخنەی لێ دەگرت، لەبەر خۆیەوە هەم جوێنی پێ دەدا و هەم بۆی ڕاست دەکردەوە و دەیگوت «هەتیم، ئەوە وا نابێ! دەبێ ئاوای بڵێی!» هەڵبەتە تاهیر گوێی لێ نەدەبوو!

دیسان لە وانەی هەموو دەم لە چایخانەی حەمەدا دەبینران (خاڵە سێوە) بوو! خاڵە سێوەش، لە دوا ساڵانی تەمەنی، لەبەر نەخۆشییەکانی دەردی پیری و بێکاری و هەژاری، تەنانەت ئەرکەکانی ڕوتبەی (شەماشەیی)شی پێ جێبەجێ نەدەکران و هەردەم لە ماڵەوە کە دەردەچوو، بەپیاسە.. هێواش هێواش دەڕۆیی و هەردوو دەستەکانیشی لە پشتەوەی گرێ دەدان و ئینجا بەرەو چایخانەی حەمە و لەسەر نزیکترین تەختەی چایخانە، خۆی دەخست و بەمات و مەلوول لێی دادەنیشت!

لە ساڵی (١٩٥٦) دوا ساڵم بوو لە (دارالمعلمین العالیة) و هاوینەکەی ئاهەنگی دەرچوون (تخرج)مان بۆ کرا و مەلیک فەیسەڵی دووەم، یەکە یەکە، بەدەستی خۆی بڕوانامەکانی داینێ، ئینجا بۆ ساڵی خوێندنی

(٩٥٧/١٩٥٦) لە شاری کۆیە، لەسەر داوای خۆم، لە قوتابخانەی ناوەندی (متوسطة کویسنجق للبنین) وەک مامۆستای ئینگلیزی تەعین بووم. هەر ئەو دەمەش هەندێ قوتابییم هەڵبژاردن، لەوانەی کەوا بەهرەی هونەریم لێیان بەدی کرد، وەک دەنگخۆش و جورئەت هەبوون بۆ وەستان بەرانبەر جەماوەر لەسەر شانۆ و پێشکەش کردنی چالاکییە هونەریەکانیان.. لەم قوتابیانە تیپێکی مۆسیقا و گۆرانیم دامەزراند بەناوی «تیپی مۆسیقای باواجی». ئەم تیپە گەورە بوو ئەندامەکانی زیادیان کرد و دەستمان کرد بە پێشکەش کردنی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا و شانۆیی.

ئا لێرەدا ڕۆڵی موسەجیلەکەی (حەمەی چایەچی) و شەخسی کاکە حەمە خۆی، دەبێ زۆر بە (هەند) و بە نرخ هەڵبسەنگێنم چالاکییەکانمان پێویستیان هەبوو بە سەمماعە و مایکرۆفۆن و ئەمپلیفایەر و زۆر شتی کە پێوەندیان بە دەنگەوە هەیە! ئەم کەلوپەلانە، هەموویان «حەمە عەبدوڵڵای چایچی»، بەو پەڕی خۆبەختکردن و ماندوونەناسی، بۆی دابین دەکردین و چایخانەکەی بەجێ دەهێشت و لە ڕۆژانی ئاهەنگەکانمان خۆی هەر لە گەڵماندا بوو. کارەبا و وایەرەکانی ڕێک دەخست و موسەجیلەکەی کردبووە ئامێری دابەشکردنی ئامیرەکانی دەنگ و هەر لەوێشەوە دەنگ دەچووە ئەمپلیفایەرەکان و بەرامبەر جەماوەر پەخش و بڵاودەکرایەوە. ئەگەر ئەو مرۆڤەی، کە خۆی بە خزمەتکاری هونەر دەزانی، نەبوایە و ئەو خۆشەویستییەی بۆ هونەری مەقام و ئاوازی کوردی نەبوایە ئێمە لەسەدا سەد هیچمان پێی نەدەکرا. بەڕاستی خزمەتی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کۆیەی زۆر کرد.

سەبارەت بە ژیاننامەی تەواوی ئەو هونەردۆستە، بەڕێزە، پێم باشە کە ئامۆزای خۆی «مامۆستا حوسێن حاجی قادر» بۆمان باس بکات، لەو نامەیەی کە بەسوپاسەوە، لەسەر داوای خۆم، بۆی ناردم: دەڵێ: موحەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە محەمەد عەبدوڵڵا چایەچی، پێشیان دەگوت حەمە گەمحان، ساڵی (١٩٢٠) لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە. تا دووی ناوەندی خوێندووە و دەبێتە سەرباز و ماوەکەی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە کۆیە. ماوەیێک لای حاجی قادری مامی دەبێتە کاتب حیسابات. پاشان ساڵی (١٩٤٤) بۆ یەکەم جار لە کۆشکەکەی جەمال ئاغای حەوێزی چایخانە دادەنێ، دواتر دێتە دوکانەکانی تەنیشت دایەرەی ئیستهلاک بەرامبەر مزگەوتی گەورە، حاجی قادری مامی ڕادیۆیەکی گەورەی بۆ دەکڕێت، لەوێ بۆ یەکەم جار خەڵک گوێیان لە ئاهەنگی گۆرانیی تایەر



(مام تۆفیق)ی باوکی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) – کۆیە

تۆفیق دەبێت.

ساڵی (١٩٥٢) چایخانەکەی دەباتە دوکانەکانی مام ڕەسووڵ و ناوی لێدەنێ گازینۆی لاوان. هاوینان چایخانەکەی لەسەر گۆمی حەمەدبەگ و کانیلە و تەمتەمان دادەنا.

ساڵی (١٩٥٥) لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەری بۆ ماوەی (٦) مانگ دەگیرێت و دەنێردرێتە حەپسخانەی هەولێر و کەرکووک هەر لەو ساڵە یەکەم تۆمارکەری گۆرانی دەکڕێت و بۆ یەکەم جار لە بەغدا ئاهەنگێکی گۆرانی تایەر تۆفیق لە ئوتێل حەکیم تۆمار دەکات.

چەند جارێ تایەر تۆفیق هاتبێتە کۆیە میوانداری کردووە و ئاهەنگی گۆرانییەکانی تۆمار کردووە. ساڵی (١٩٧٥) ماڵەکەی دەهێنێتە هەولێر و لە هونەرمەند تایەر تۆفیق نزیک دەبێتەوە، ناوە ناو ئاهەنگێکی گۆرانییان لە ماڵەکەی کاکە حەمە یا لە ماڵی محەمەد کەبابچی یا ماڵی باکووری یا لە هاوینە هەوارەکان ساز دەکرد، بەدەیان شریتی گۆرانی ئەو هونەرمەندە نەمرەی لەسەر شریتی گەورە و بچووک تۆمار دەکرد، هەندێکی



چایخانەی حەمە گەمحان و تۆمارگەکەی گرۆندیل
سالآنی پەنجاکان – کۆیە

کاکە حەمە، وەک هاندەری هونەرمەندان، کە ببووە خوویێکی گرنگ لەلای، بەدەرفەتی زانی کە تیپی مۆسیقای باواجی دامەزرا، و بەتایبەتیش کە من سەرپەرشتی ئەو تیپە نۆبەرە خنجیلانەم دەکرد، حەزی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە تا بکرێ هەوڵ بدات کە بەرهەم و مەقام و گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی ئەوکاتە کە لە ژیاندابوون، بە یارمەتی مۆسیقاکەمان: عوود- کەمان- دەف و تەپڵ و شمشاڵ، بۆهەر یەکێک لەو مەقامبێژانە چەند مەقام و گۆرانییێکیان بۆ تۆمار بکات و لە ئەرشیفەکەی خۆی بیانپارێزێت! ئەوکارەشی دەکرد، نەک هەر سوودێکی مادییان نەبوو بۆی، بەڵکو لەسەر حیسابی باخەڵی خۆی، ئەو مەسرەفەی پێویستبایە، دابینی دەکرد! یەک دوو جار، لەماڵە بچووکەکەی خۆی، ئێمەی کۆ دەکردەوە خواردن، خواردنەوە و شتی پێویستی بۆ ئامادە دەکردین، جا، هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو: سێوە، مەلا ئەسعەد، حەمەدەمینی کەبابچی، حەمەدەمینی عەباسی، باقی حەلاق، جەلال جۆبار.. بە گوێرەی دەرفەتیان، ئامادە دەبوون، جا، بەنۆرە.. یەکە یەکە مەقامیان دەگوت، کە دەهاتنە سەر (بەستەکان)، هەموو ئەوانەی لەوێ دەبوون، دەبووینە (کۆرس) و بەزمەکانمان دەگێڕایەوە! چەند جارێکیش لەلای من و شەوێک لە ماڵی کەریمی حەمە مەلا لەسەر دەعوەتی (جەمال)ی کوڕی واتا جەمال کەریمی حەمە مەلا، کە دەکاتە برازای مۆسیقاژەن (کاک وریا ئەحمەد حەمە مەلا).. چونکە جەمال، ئەندامی (باواجی)ش بوو. ئەمە هەمووی لەدوای ساڵی (١٩٥٧)ەوە تاکو ساڵی (١٩٦٠-١٩٦١) کە من هاتمە هەولێر، لە کۆیەش، بارودۆخی سیاسی بەرەو ناخۆشی دەچوو، بۆیە ئەم کارە هونەرییانە بەرەو سستی دەچوون و تا لە ساڵی (١٩٦٣)ی ئینقیلابە شوومەکەی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ، دۆخەکە ئاڵۆز بوو..ئەندامانی تیپی باواجیش پەرتوبڵاوبوونەوە.

حەمەش چایخانەکەی هەڵوەشاند و چووە هەولێر و بەغدا... ئیتر وەزعەکە لە دەوری (سوبات) مایەوە..

کاک حەمەی هونەردۆست، جگە لە دەنگی خاڵە تایەر و ئەو ناوانەی لەپێشەوە باسم کردن، لە گۆرانیبێژانی عەرەب، بە پلەی یەکەم عاشقی دەنگی ئوم کەلسووم بوو. ئینجا لە پیاوان «محەمەد عەبدول وەهاب». زۆریشی کەیف بە دەنگی «ئەسمەهان و فەیرووز» دەهات و گۆرانیە بەناوبانگەکانی ئەو هونەرمەندانەی هەموو تۆمارکردبوون و بەشەو و بەڕۆژ لە چایخانەکەی، قەڵەبالغی هەبوو.. خەڵکانێ کە ئەو دەنگانەیان خۆش دەدایە کاک ئەمیر محەمەد کەبابچی کە خاوەنی تۆمارگەی «خەیام» بوو. پاشان بوو بە تۆمارگەی «چرا». بەشێک لەشریتەکانی لە ئەرشیفەکەی کاک ئەمیر و کاک جیهانبەخش کۆیی پارێزراون، هەندێکیشی لەگەڵ تۆمارکەرەکە لای مامۆستا حوسێنی حاجی قادری ئامۆزای پارێزراون. لە ڕۆژی (١٩٨٧/١١/٣٠) لە چلەی ماتەمینی هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق پەردەی لەسەر وێنەیەکی ئەو هونەرمەندە لادا.

ساڵی (١٩٧٩) دەچێتە بەغدا و بەشێکی لە ئوتێلی سەری ڕەش کڕیوە و هەر خۆشی بووەتە کارگێڕی، پاشان بووەتە خاوەنی ئوتێل چنارۆک لە بەغدا... بەڵام چونکە باوکی شەهید ئازادە کە لە (١٩٨٧/١٠/٩) لە گوندی (قەرەنگوێ) بەدەستی ڕژێم شەهید کرا کاکە حەمە ناچار دەبێت بەغدا بەجێ بهێڵێت و ماوەییێک بە نهێنی ژیان دەباتە سەر.

ساڵی (١٩٩١) لە ئەنجامی بە خەڵووزبوونی سیکڵدانۆچکەی سییەکان تووشی نەخۆشی هەناسە تەنگی دەبێت، چونکە ماوەی (٣٠) ساڵ زیاتر تۆز و دووکەڵی خەڵووزی چایخانەی هەڵمژیبوو. بۆ چارەسەرکردن چووەتە ئەڵمانیا، بەڵام بێسوود بووە.

نەخۆشییەکەی چارەسەری نەبوو تاکو لە ڕۆژی (١٩٩٦/٥/٩) کۆچی دوایی کردووە و لە شاری کۆیە بە خاک سپێردراوە.

**حوسێن حاجی قادر**
**٢٠٠٥/٣/٢٣**
**(هەولێر)**

دەویست، لەوێ کۆدەبوونەوە و گوێبیستیان دەبوون.
ئەگەرچی نازانم ئەم ناوە یاخود «ناز ناوە»ی «گەمحان» مانای چییە و چۆن بەناوی (حەمە)ەوە لکاوە و کێ بۆ یەکەم جار ئاوای بانگ کردووە، بەڵام ئەوە گرنگ نییە! من بۆ یەکەم جار لە ڕەحمەتی (هورمز)م بیست، بەڵام چونکە، هونەرمەندی گەورەشمان «تایەر تۆفیقی» نەمر، هەر بەو ناوەی بانگ دەکرد ئیتر منیش لەوەوە فێربووم!
کاکە حەمە، دوای ئەوەی من گوازرامە هەولێر، لە ساڵی (١٩٦١)، زوو زوو سەری لێدەداین، لە (کاک تایەر) و من. هەموو نەورۆزێک یان بۆ مانگی ڕەمەزان، یەک هەفتە پێشتر، لەکۆیەوە، بەخۆی و بە تۆمارکەر (موسەجیلە) کەی دەهاتە هەولێر. ئینجا چەند شەوێک دەمایەوە: یا لە ماڵی ئێمە، کە ئەوسا هێشتا لە شار و لەخانوێکی بەکرێ، بەرامبەر خانووە قوڕەکەی ڕەحمەتی ڕەسوول گەردی بووین، کە دەکەوتە سەر شەقامەکەی (دختۆران)ی ئەمڕۆ.. هێشتا قیرتاویش نەکرابوو.. خۆڵ و بەردەڵان بوو. لەوێ شەوێک و لەماڵی کاک تایەر شەوێک و لە شوێنێکی تر، شەوێک.. بەم جۆرە هەموو شەو بۆ یەک دوو سەعات، گۆرانی و مەقام و بەستەخۆشەکانی تایەر تۆفیقی تۆمار دەکرد. جار جارەش گۆرانییەکی منی تۆمار دەکرد. من گۆرانی عەرەبی، بەتایبەتی ئی (محەمەد عەبدولوەهاب)م بۆی تۆمار کردووە و ئێستا ئەو بەکرەیە و موسەجیلەکەش، لەلای مامۆستا (حوسێن حاجی قادر)ی ئامۆزای (حەمە) پارێزراوە و یەک دوو جار لە تەلەفۆنەکەی خۆی، بۆم دادەنێ و گوێی لێرادەگرم. لەسەرەتای نەوەدەکان بوو بۆ دواجار کاکە حەمەم دیت، لەگەڵ کاک حەمەدەمینی عەباسی، لەبەردەم دوکانی (باتا)ی ئەوسا پیاسەیان دەکرد چاک و خۆشیم لەگەڵیاندا کرد... ئەوسا لە یەکێک لە ئوتێلەکانی نزیک «باغی شار»، لە کۆڵانەکانی نزیک دەلالخانە، شریک بوون. هەروەها زەمانێک لە هەشتاکان لە بەغداش لە بەڕێوەبردنی یەک دوو ئوتێل شریک بوون. ڕەحمەتی کاک (کەیفی ئیسماعیلیش)، خاوەن ئوتێلی (کەیفی) لە گەڕەکی (کازینۆی مورەبەعە- لە سەیید سوڵتان عەلی) ئەویش، وام زانیوە، لەگەڵیاندا شریک بووە.. خوایان لێ خۆشبێ و ڕەحمەتی خودایان لێ بێ، هەموو ئەوانەی ناوم هێنان و خزمەتی گۆرانی و ئاوازی کوردییان کردووە.